**تیرێژ:**

# هەندێک هونەرمەند تەقلیدیان خستۆتە پشتیان و وازی لێ ناهێنن

ڕۆژ هەڵاتی کوردستان وەک گشت پارچەکانی دیکە بەردەوام هونەرمەند و سترانبێژی بە توانا وبلیمەتی لێ هەڵکەوتووە کە سەرەڕای تەنگ پێ هەڵچنین و نانەوەی ئاریشە بەردەوام بۆیان بەمەبەستی لاوازکردنی زمان وفەرهەنگی کوردی، ئەوان توانیوویانە لە ڕێگای هونەرەوە خزمەتێکی زۆر بە گەڵ و نەتەوەکەیان بکەن و هەندێکیان ئێستاشی لەگەڵدابێت بە قوتابخانە دادەنرێت، بۆ نموونە محەمەدی ماملێ، حەسەن زیرەک و چەندانی دیکە، لە دوای ئەوانیش چەند نەوەیەکی دیکەی هونەرمەندان لە ڕۆژهەڵاتەوە دەرکەوتن وخزمەتێکی دیار وبەرچاویان پێشکەش بەهونەری کوردی کرد وەک غولامی و ڕەزازی وشەهروخی و شەهێن تاڵەبانی خالقی و مەرزییە و کامگاران وچەندانی دیکە، «تیرێژ ئورمیی» یش یەکێکە لەو گەنجانەی کە لە کۆتایی نەوەدەکانەوە بە شێوازێکی تایبەت گۆرانی دەچڕی وخزمەت بە هونەری دەکات و وەک زۆربەی هونەرمەندانی دیکە ناچار بوو ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێ بهێڵێ و ڕوو لە باشووری ئازاد بکات، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی تیرێژکرد کەبەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.



**دیانە/ بێرند**

***تیرێژ کێیە ؟**

– من ساڵی «١٩٨٣» لە شاری ئورمیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووم، لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی شوێنی خۆم لە تیپی قوتابخانە کردەوە وەک گۆرانیبێژ، لە ساڵی«١٩٩٧» من سێ گۆرانی«ملەتێ مە، بلبلێن بێ قەفەس، کولاهەمی دلان»م تۆمارکرد لەبەر ئەو سێ گۆرانییە دەوڵەت فشارێکی زۆری لێکردم لە قوتابخانە و لە کاری هونەری دوورخرامەوە، لەوکاتەوە دەستم بەنووسینی شیعر کرد ولەساڵی«٢٠٠٠» سەر لە نوێ دەستم بە کاری موزیک کردەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی دەرفەت و پاڵەپەستۆی دەسەڵات وڕێگاگرتن لە فەرهەنگ وزمانی کورد نەمتوانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئارەزووی خۆم بەسەربەستی هونەری خۆم بخەم، بۆیە بە ناچاری ڕووم لە باشووری کوردستان کرد و دەستم کاری هونەری کرد، لە ساڵی«٢٠٠٥»یەکەم س ئەلبوم بە ناوی «ئەز کیمە» کەوتە بەر دەستی گوێگران کەلە «١٢» گۆرانی پێکهاتبوو وهەموویان لە ئاواز وهۆنراوەی خۆمن تەنیا دووانیان نەبێت کە فولکلۆرن، هەروەها «٤» گۆرانی ئەم ئەلبوومەم بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ تۆمارکرد وبە نیازم دوو گۆرانی دیکەش کلیپ بکەم.

*** چۆن دەڕوانیتە خەباتی هونەری و، ئایا هونەرمەندانی کورد توانیویانە مافی هونەری کورد دەدەن؟**

– هونەر لە خەیاڵ وخەون و ڕۆژ وشەو ڕوح وگیان وبیروهزر وهەست و سۆز فەلسەفەی ژیان وهێز وهیوا وباوەڕی، و دۆستایەتی و گفتوگۆ و ویژدان و هەست کردن بە لێپرسراویەتی مندا دەژی، من بەم شێوەیە لەگەڵ هەست و ئاوازەکانی خۆمدا دەژیم و هەست بە ویژدان وبڕوا بەخۆبوونی مرۆڤ دانووستاندن لەگەڵ هونەر کراوە ومافی هونەری داوە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەوەی بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسی بۆ ناوبانگ و بەدەستهێنانی ماددە دەست بداتە کاری هونەری، گەورەترین خیانەت لە بەها پیرۆزەکانی هونەر دەکەن، چونکە دەبێتەهۆی پەک خستنی پێشڤەچوونی هونەری کوردی.

*** تەقلید چۆن دەبینی ؟**

– بەر لە هەموو شتێک پێویستە بزانین کەبەڕاستی گوناهێکی مەزنە کە هەرکەسێک بەهونەرمەند ناو ببەین، هونەرمەند خاوەن کەسایەتی و بیروباوەڕ و ڕەوشت وهاوڕێی تایبەتە وبەهرەمەندی و پیشەنگی وسەرکێشە، بەبڕوای من تەقلید ئەنجامی لاوازی کەسایەتی و بۆشایی فیکری و کەمی زانیاری و لاوازی هێزو پرۆفیشناڵ لە کەسایەتیدایە بۆ ڕێکخستنی کارەکان، بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە لە سەرەتادا پێویستمان بە بنیادنانی کەسایەتی هونەری و لێکۆڵەرەوە و ڕەخنەگر و هاوکاری مامۆستایانی هەیە، هەروەها پێویستە دەزگای تایبەت بۆ



هەڵسەنگاندنی پەیڤ وئاواز وکلیپ لە گشت دەزگاکانی راگەیاندن دابمەزرێت ، بەڵام لە باشووری کوردستان هەندێک هونەرمەند تەقلیدیان کردۆتە بار وخستۆیانەتە پشتیان.

*** بەشێوەیەکی گشتی تۆچ شێوازێک بەکاردەهێنی؟**

– من لە تایبەتمەندیی دەنگدا شێوازیکی تایبەت بە خۆم هەیە، لەم شێوازە تایبەتەی خۆمدا هەوڵ دەدەم لە چیا وزۆزانەکانی کوردستان دورنەکەوم، بەڵام لەم شێوازەدا کە فولکلۆر دەناسرێت، رِێتمی پۆپ وسۆلیش بەدی دەکرێت.

*** چ جیاوازییەک لە نێوان موزیکی کلاسیک ونوێدا دەبینی؟**

– بەرای من جیاوازی دیار و ئاشکرا ئەوەیە کە موزیکی کلاسیکدا لە تایبەتمەندێتی خۆیدا زیاتر روح، شێواز دەنگی ناوچەیی رەسەن نیشان دەدات، لەم موزیکی کلاسیک بە پێشکەوتنی تەکنیک و زانستی هونەری و پێشکەوتنی شارستەنیەتە کە هەموو شتێک لەگەڵ خۆی بەرەو جیهانگەریی دەبات، بە جۆرێک کە ئەمرِۆ بە رێگای پێشکەوتنی زانست وتەکنۆلۆژیای رادیۆ و تەلەڤزیۆن و کۆمپیۆتەر وئەنتەرنێت بە پێشکەوتنی کۆمەڵگای دیموکرات و دیموکراسییەت و رۆژ بە رۆژ بەرزبوونەوەی ئاستی زانستییە، سنوور لە نێوان سنوور و نەتەوە لە نێو نەتەوە، سیستەم لەنێو سیستەم، فەرهەنگ لە نێو فەرهەنگ سەرهەڵ دەدەن، بەم شێوەیە شێوازی نوێی موزیکیش لە نێو یەکتردا سەرهەڵ دەدەن و موزیکی کلاسیک شوێنی خۆی دەدا بەڵام بەوشێوەیە نییە کە بلێین بەموزیکی کلاسیک بەرەو ون بوون دەچێت، بە پێچەوانەوە وەک سیمبولێکی پیرۆز دەبێت و، پێویستەکە ئێمە بە هەموو هێزێک هەوڵ بدەین موزیکی کلاسیک بە دەوڵەمەندی بپارێزین، چونکە یەکێکە لە فاکتەرەکانی ناسینەوەی نەتەوەیی.

*** حەز لە دەنگی کام گۆرانیبێژ دەکەی؟**

– زۆر حەز لە دەنگی ئەم هونەرمەندانە دەکەم:

محەمەد عارف جزیری شاکرۆ، حەسەن جزیری، جەمال هورو، شەمدین، مریەم خان، عایشە شان، محەمەدی ماملێ و حەسەن زیرەک.

*** ئەی زۆرگوێ لە دەنگی کێ دەگری؟**

– لە گۆرانیبێژە نەمرەکان محەمەد شێخۆ، تەحسین تەها ، ئەیاز و ئەردەوان زاخۆیی، خەلیل خەمگین، شەهید ، هۆزان سەرحەدی ،ئەحمەد قایا ، دەروێش، فوئاد ئەحمەد، عومەر دزەیی.

*** تا ئێستا چەند گۆرانیت پێشکەش بە هونەرمەندان کردووە؟**

– بەرِاستی من بە تەواوی نازانم، بەڵام لە سەرووی «٣٠» گۆرانی دەبن ، هەر بەردەوامیش دەبم لەسەر ئەم کارە.

*** کاتی بەتاڵەت چۆن بەسەر دەبەی؟**

– بە خوێندنەوەی کتێب و رۆژنامە و گۆڤار، ئاوازدانان، وشیعر نووسین و دروستکردنی گۆرانی نوێ.

*** کار وپرۆژەی داهاتووت چییە؟**

– بەر لە هەموو شتێک بەنیازم چەند کۆنسێرتێک سازبکەم و هەوڵ دەدەم سەردانی رۆژهەڵات و باکوری کوردستان بکەم، هەروەها کار لەسەر ئەلبوومێکی نوێ دەکەم کە لە «١٣» گۆرانی پێکهاتووە بە زاراوەکانی کرمانجی، سۆرانی، زازاکی و گۆرانییەک بە زمانی کوردی، تورکی ، فارسی و سریانییە، لەو بەرهەمەدا گۆرانی فولکۆری هەیە شایەنی ئاماژە پێکردنە بەشێکی زۆری هۆنراوەکان هی شاعیرە مەزنەکانن.

*** کاک تیرێژ چیت ماوە بیلێیی؟**

– بە بەرزایی چیاکانی ولاتەکەم، بە پیرۆزیی ئازادی، برایەتی، یەکسانی،بە ئومێد باوەرِەوە دەڵێم:

ئێمە هەر هەبووین وهەین، رێز و سلاوم بۆ گشت کارمەندانی گوڵان و ئێوە بۆ سازکردنی ئەم دیمانەیە، سلاو بۆ گشت خوێنەرانی ئێوە بە هیوای سەرکەوتن وبەردەوام بوون.

## موزیکی کلاسیک لە تایبەتمەندێتی خۆیدا زیاتر روح، شێواز دەنگی ناوچەیی رەسەن نیشان دەدات

